


# خۆشەویستی لە (رازی تەنیایی)

# ئەحمەد هەردیدا

## بەپێی تیوری دەروونشیکاریی ئەدەبی

تریفە عومەر

**دەستپێك**

خۆشەویستی بابەتێکی بەرفراوانی نەك تەنها لە نێو مەودای ئەدەب، بەڵکە رەوتێکی هەمیشەیی ژیانی مرۆڤ بووە، بەردەوام سیمای ئەو رەوتە بەشێك لە ئاکارو رەفتارو کەسایەتیی بەخشیوەتە مرۆڤی ئەویندارو لە بەرامبەریشدا هەر کەسە بەچەشنێك رەنگدانەوەی بۆ ئەو ئەوینە رۆحییە هەبووە، بە واتا شاعیر بەجۆرێك، رۆماننووس بەجۆرێك، جوتیارێك بەجۆرێکی دیکەو هەروەها بەو چەشنە رۆیشتووە، کە بێگومان هەریەك لەوانە تەنها لە شێوازدا جودا بوون، دەنا مەدلولاتی خۆشەویستی وەك یەك لای مرۆڤەکان بەرجەستە دەبێت، لەلایەکی ترەوە ناکرێت هەموو جۆرە ئەوینێك بە خۆشەویستی شوناس بکرێت، بەڵکو هێما دەلالییەکانی خۆشەویستی لە مرۆڤێکدا حەزەو لە مرۆڤێکی تردا ئەوینە. ئاخۆ ئەحمەد هەردی لە تاقانە دیوانە شیعرییەکەیدا بانگەشەی چ جۆرێك لە خۆشەویستی دەکات؟

ئەم باسە تایبەتە بە پرسیاری ئاماژە پێکراو، بۆ ئەم نیازەش لێکۆڵینەوەکە دوو بەشی گرتووەتەخۆ، کە لە بەشی یەکەمدا خۆشەویستی لە روانگەی تیوری دەروونشیکاریی ئەدەبی و مانای خۆشەویستی و خۆشەویستی لە نێو پانتایی شیعردا خراوەتە روو، بەشی دووەم تایبەتە بە بواری سەرەکیی لێکۆڵینەوەکە، کە مانا حەقیقییەکانی خۆشەویستی لای هەردی-ی شاعیر بە پێی نموونەی شیعری گرتووەتەخۆ.

هەڵبەت ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە پێویستییەکانی کۆرسی دووەم، بەسەرپەرشتیی د.محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس)، دوای گفتوگۆکردن و تووێژکردن و مۆڵەتدان بە بڵاوکردنەوەی لەلایەن بەڕێزیانەوە هاتووەتە بەرهەم.

**سنووری باسەکە:**

وەرگرتنی چەمکی خۆشەویستی لای ئەحمەد هەردی، وەك بەشێك لە رۆح، ئەمەش پێچەوانەی تیوری فرۆیدە، کە پشت بە گریمانەی چەپاندن و نەست دەبەستێت لە پرۆسەی نووسینی ئەدەبیدا، خۆشەویستیش وەك چەمکێك لای فرۆید جگە لە حەزێکی غەریزیی چیدی نییە، کە بێگومان ئەمەش دژیاری کەسێتیی شاعیرە.

**ئامانجی باسەکە:**

لە نێو مەودای لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا (ئەحمەد هەردی) کەمترین گرنگیی پێدراوە، ئەوانەش کە لەبارەیەوە نووسراون هەندێکی بە توانجی ئەدەبیی کەسایەتیی شاعیر کۆتایی دێت، بۆیە ئامانج لەم باسە هەڵسەنگاندنی کەسایەتیی شاعیرە وەك کەسێکی ئەویندار نەك وەك کەسایەتییەکی رووخاو، کە تەنانەت بێهودەیی لای ئەحمەد هەردی لە دیدێکی فەلسەفییەوە بۆ ژیان سەرچاوە دەگرێت، نەك لە نەگەشتنی بە خۆشەویستەکەی.

**خۆشەویستی بە پێی تیوری دەروونشیکاریی ئەدەبی**

لە 1898دا دەروونناسی لەسەر دەستی سایکۆلیجستی ئەمەریکی (ولیەم جیمس) هاتە ئاراوە، تیوری دەروونشیکاری بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییە دەروونییەکان و لێکدانەوەی خەونەکان لە سەدەی بیستەمدا دەگەڕێتەوە بۆ دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید)، کە پشتی بە بابەتی هونەری و ئەدەبی بەستووە و بۆ یەکەمجار شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا) ی سۆفۆکلیسی یۆنانیی خستووەتە بەر تیشکی تیورییەکەی و نەخۆشیی گرێی ئۆدیبی تێدا دەستنیشانکردووە.

فرۆید پێیوایە داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکان بەرئەنجامی گرێی ئۆدیبە و لە نەستەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەو دەمەی مرۆڤ ناتوانێت پێداویستییە بایۆلۆجییەکانی خودی دەستەبەر بکات و چێژی لێوەربگرێت، بەناچاری پەنا دەباتە بەر جۆرێك لە نووسین، وێنە، زانست... (هەر هونەر مرۆڤ بەرەو ئارەزووە لاشعورییەکان دەبات، ئەو بەرهەمەی کە دێتە ئاراوەش رازیکەرە یاخود ئەو ئارەزووانە لە پای کارە هونەرییەکان تێر دەبن ، فرۆید وەك زانایەکی دەروونناس پێیوایە ئەوەی لە ژیاندا بەهۆی عورفێکی کۆمەڵایەتییەوە بێت یان هەر هۆیەکی دیکە لێی قەدەغە دەکرێت، لە نەستی مرۆڤدا (نائاگایی) رەگدادەکو تێت و پاشان لە نووسین یان هونەرەکاندا بەرجەستە دەبێتەوە.

فرۆید بۆ یەکەمجار لێکۆڵینەوەکانی لەسەر شانۆنامەی ئۆدیب پاشاو (هاملێت) ی شکسپیرو (برایانی کارامازۆف) ی دیستۆیفسکی و (گرادیڤا) ی یانسنی ئەنجامداو کردی بە بنەمایەك بۆ دەروونشیکاریی ئەدەبی و لەم بوارەدا وەك پێشەنگێك تۆماردەکرێت. فرۆید کەسایەتیی مرۆڤ بەپێی قۆناغەکانی گەورەبوون و گەشەکردنی کەسایەتی دابەشدەکات بۆ (من– ئەو – بەرزە من)، پاشان لە تیوری دەروونشیکاریدا "لیبیدۆ" واتای بەهای نەستی تاکەکەسی و خەون و شەهوەتبازی دەکاتە بنەمایەك بۆ کارەکانی. فرۆید خاڵی هاوبەش لە نێوان کەسی توشبوو بە نەخۆشیی نیورۆسیس و شاعیر بە پەیوەندییەکی خەیاڵی دەزانێت، بەو واتایەی نەخۆش پەیوەندییەکی خەیاڵیی هەیە




لەنێوان خۆی و واقیعدا، بەهەمان شێوەش ئەوەی شاعیر بە واقیعەوە دەبەستێتەوە، جگە لە خەیاڵ چیدی نییە: بڕوانە (تێری ئیگڵتون: شیکردنەوەی ئەدەبی لە ڕەخنەی ئەدەبیدا).

لە چاوپێکەوتنێکیدا (فرۆید) ئاماژە بەوە دەکات، کە خۆشەویستی بابەتە نەك غەریزە، ئەمەش پەیوەست دەکات بە چیرۆکەکەی ئەرستۆتالیسەوە، کە ئەفلاتۆن لە کتێبی (المادیە) باسیکردووە، لەم ئەفسانەیەدا وا هاتووە سەرەتای بەشەرییەت سێ تووخم بووە نەك دوو (نێرو مێ و نێرەمووك) پاشان نێرەمووکەکان بوون بە دوو لەتەوەو لەوکاتەشەوە هەر کەرتێك بۆ کەرتەکەی تری دەگەڕێت (هەر یەکێك لەو دوو بەشە حەزی لەبەشەکەی دیکە دەکرد، ئەگەر بەیەکتر بگەشتنایە بەتوندی باسکیان لەیەکتر وەردەهێنا، وەك ئەوەی هەوڵی یەکگرتنەوە بدەن،...) .

دەروونشیکاری سویسری (کارل گۆستاڤ یۆنگ)،لە تیورە سایکۆلۆجییەکەیدا، دەروون دابەش دەکات بۆ ( من– عەقڵی ئاگا )، (عەقڵی نائاگایی تاکە کەسی) ، (عەقڵی نائاگایی دەستەجەمعی)، کە ئەمەی دوایی پێوەندیی بە میرات یان بۆماوەی دەروونییەوە هەیە، بەو واتایەی وەك چۆن هەندێك خوو نەریت لەپێشینەوە وەردەگرین، بەو جۆرەش گەلێك ئاکاری دەروونی لە ڕێی پێشینەوە بۆمان دەگوێزرێنەوە، ئەمیش بەچەشنی فرۆید پێیوایە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ لە کەسێتیی تاکدا هەیە، هەروەك لە کۆرپەلەی ناوسکی دایکدا هەردوو ڕەگەزەکە (ئەنیماو ئەنیمۆس) بە واتا مێینە لەناو نێرینەداو بەپێچەوانەوە ئامێتەی یەکتر بوون، بەڵام دواتر کۆمەڵگا ئەرکی هەریەکەیان دیاری دەکات، وێڕای ئەوەش ئافرەت بە ڕەمزی جوانی و ناسکی دادەنێت و پیاویش هێمای هێزو شەڕەنگێزییە. (بڕوانە: کارل گۆستاڤ یۆنگ/ مرۆڤ و هێماکانی). ئەریك فرۆم تەنها لەبواری دەروونناسییەوە ناڕوانێتە چەمکی کەسایەتیی مرۆڤ، بەڵکو وەك ئەنترۆپۆلۆجیستێك و فەیلەسوفێك و سایکۆسۆسیۆلۆجستێك دەیبەستێتەوە بە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانەوە. لە دیدی (فرۆم)ەوە خۆشەویستی بوونە و خاوەندارێتیی نییە، وەك بەشێك لە کەسایەتیی مرۆڤ شیتەڵکاری بۆ چەمکی خۆشەویستی دەکات. (بڕوانە: ئەریك فرۆم/ هونەری خۆشەویستی)

لێکۆڵینەوە لە ئەدەب بە پێی تیوری دەروونشیکاری، دەق پەیوەست دەکات بە دەقنووسەوە. کەسایەتیی نووسەر بەشێکە لە پێکهاتەی دەق، چ وەك ئایدیۆلۆژیا، دیدگا، باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، نووسەر لەگەڵ جیهان کار لێکدەکەن و بەشێك لەو کارلێککردنە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر داهێنانەکانی.

تیوری دەروونشیکاریی ئەدەبی، پێچەوانەی گریمانەکانی دیکە (تێکست و نووسەر تێکست و شاعیر) ئاوێزانی یەکدی دەکەن و دەق نابێتە دەقێکی مردوو، بەڵکە خاوەنی نووسەرە، بەتایبەت لە دەربڕینی هەست و حەقیقەتی ناخ و بەرجەستەکردنی قوڵاییەکانی ڕۆح، کە پێدەچێت هەر لە مێژەوە تا ئێستا یەك واتای هەبێت، کە ئەویش خۆشەویستییە.



**دیمەنێك لەشانۆیی هاملێت-ی ولیەم شکسپیر**

**خۆشەویستی چییە؟**

**مرۆڤو کۆمەڵ دوو هێڵی لار لەخاڵێکدا بەیەك دەگەن و یەکتردەبڕن، بەشێوەیەك سروشت و دەوروبەر بە هەموو کەرەسەو بارو رەنگە جوداکانەوە کار لە هەست و نەستی مرۆڤ دەکەن و مرۆش لەبەرامبەر ئەوانەدا پەرچەکرداری بیری و رەفتاریی دەنوێنێت، کەواتە بە گوێرەی کاریگەرییەکی دوولایەنە مرۆڤو کۆمەڵ بەرەوپێش گوزەر دەکەن، ئەمەش لە نێوەندیی زانستێکدا لێی**

دەکۆڵرێتەوە، کە بە (زانستی کۆمەڵناسی– Sociology ) ناسراوە. ئەم زانستە لە سەدەی 19 لە ئەمەریکای باکورو ئەوروپا سەریهەڵدا، (خۆشەویستیش وەك پەیوەندییەکی دەرکەوتەی کۆمەڵایەتی) بەشێکە لەم زانستە، بەڵام وەك رێبوار سیوەیلی ئاماژەی پێداوە، بەشێکی سەربەخۆ بە نێوی کۆمەڵناسیی خۆشەویستی نییە، بەڵکە نووسەر لە کتێبی (لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی) دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت دەکرێت لە دواڕۆژدا خۆشەویستی سەربەخۆیی خۆی بەیان بکات و ببێتە خاوەن بنەماو خەسڵەتی خۆی (چونکە لە سەرێکەوە پەیوەندیی خۆشەویستیو ژیانی هەستەوەری بەردەوام بەشیٚ بووە لە کۆمەڵناسیی خێزانو لە سەرێکی تریشەوە ئەم پەیوەندییە مەرج نییە هەمیشە لەنێو خێزاندا بەرجەستە ببێت...)، کەواتە کۆمەڵناسیانەی پەیوەندیی خۆشەویستی لە پەیوەندیی نێوان دوو مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، کەپەیوەندییەکی سۆزگۆڕینەوەیە نەك پەیوەندییەکی ئامانجدار، بەمەش لە سایکۆلۆجیای خۆشەویستی جیادەبێتەوە، کە بایەخ بە گۆڕانە جەستەیی دەروونییەکان دەدات لەکاتی خۆشویستندا. یەکێك لەو زانا کۆمەڵناسیانەی لە ژیانی هەستەوەریی کۆڵیوەتەوە زانای ئەڵمانی (جۆرج زمیل)ە، کە جیاوازیی خۆشەویستی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکانو تەقلیدییەکاندا خستۆتە روو، بەشێوەیەك لەکۆمەڵگای یەکەمدا خۆشەویستی سەربەخۆیە لە مۆڕاڵییەکانی کۆمەڵگاو ئامانجی بەهاوسەربوون نییە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا خۆشەویستی پرۆسەیەکی بەرهەمهێنەرە بە کەوتنەوەی منداڵ، لێرەشەوە چەمکی خۆشەویستی جیادەبێتەوە جارێکی دیکە ئاوێزانی بورای دەروونناسی و لایەنە رۆحییەکان دەبێتەوە. رەنگە پرسیاری سەرەکی ئەوە بێت، ئایا خۆشەویستی دەرکەوتەو زەرورەیەکی کۆمەڵایەتییە، یاخود پەیوەستە بەسروشتی مرۆڤەوە؟ بە وشەیەکی تر، ئایا خۆشەویستی بە بوونی ( ئەو) دروست دەبێت یان خۆڕسکە؟ لێرەوە (کانت) وەك فەیلەسوفێکی ئەزموونگەری شوناسی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وەسف دەکات، مرۆڤ نە دەتوانێت لە واقیع دابڕێتو زەمەنی ببێتە سفرو کائینێکی نامێژوو، واتە بۆ هەمیشە لە خەیاڵدا بژی، نە دەتوانێت لە خەیاڵ دابڕێتو سەراپا ژیانی لە نێو واقیعدا بگوزەرێنێت، چونکە مرۆڤ بەتەنها عەقڵ نییە، بەڵکە خاوەنی بیرو دەروونە هەروەك عەقڵ وایلێدەکات کۆنترۆڵی شتەکانی دەوروبەری بکات یان لانی کەم بەگوێرەی مەنتق هەنگاو بنێت، (دەروون)یش دەلاقەیەکە بۆ دەرکەوتنی حەزو خولیاکان، بە واتایەکی دی، ئەو نەستەیە کە بەشێوەیەك لە شێوەکان گوزارشت دەکرێتەوە، بێگومان ئەم رەوتەی عەقڵو دەروون پەیوەست نییە بە کاتێکی دیاریکراوەوە. هەر لە درووستبوونی ئادەمو حەواو کوشتنی هابیل لەلایەن قابیلەوە، کێشمەکێشەکانی دوانە لێکدژەکانی عەقڵو دەروون، واقیعو خەیاڵ، هەستو نەست، بابەتو خود ....هتد دەستی پێکردووە، کە لای فەیلەسوفی رۆژئاوایی (هیگڵ) بنەمایەك بووە بۆ بەردەوامییەتی ژیان، ئەم خەسڵەتەش وایکردووە دیدگای هەمەچەشنی ئاوەزی، فەلسەفی، زانستی، فیکری، ئایدیالی سەبارەت بە خود/ جیهان/ ژیان ، بێتە ئاراوە.

بەپێی زانستی پزیشکیش مێشك کە لە دووبەش پێکهاتووە، بەشی چەپی لای مێشك بەرپرسە لە بیرکردنەوەو توانای ئاخاوتنو رۆشنبیریو ... هەرچی بەشی لای راستە بەرپرسە لە سۆزو خۆشەویستیو داهێنان، ئەم دوو بەشەش بە یاریدەی ڕژێنو کوێرە رژێنەکان کۆنترۆڵی کردەوەکانی مرۆڤ دەکەن.




دیـــاره یـــەكێك لـــە چـــەمكە نموونـــەیی و بابەتییـــەكانی پەیوەســـت بـــە خـــودی مرۆڤـــەوە (خۆشەویستی)یە، كە وەك ئاماژەی پێدرا چیرۆكەكەی بۆ هابیل و قابیل دەگەڕێتەوە، پاشانیش لە ئەفسانەكاندا وەك توخمێكی سەرەكی لەلایەن پاڵەوانەكانەوە بەكارهاتووەو هیچ كات قارەمانەكان نەیانتوانیوە لە خۆشەویستی داببڕێن، چونكە قارەمانەكان نە ئاژەڵن نە یەزدان، بەڵكە مرۆڤن، بەم پێیە خۆشەویستی لەدەرەوەی مرۆڤ بوونی نییە تا مرۆڤ بەدەستی بهێنێت و ببێتە خاوەنی، شتێك نییە كالایەك نییە هەوڵی بوون بەخاوەنی بدەیت، خۆشەویستی لە نێو ڕۆحدایە و بەشێكە لە بوونی مرۆڤ و پەیوەستە بە فیتڕەتی مەردومەوە، نەك موڵكایەتی بێت، هەروەك (ئەریك فرۆم) ئاماژەی پێدەدات (... ئەگەر وابوو ئەوا خۆشەویستیش مرۆڤ وەك شتێك هەڵیگرتووەو بووە بەخاوەنی، لە ڕاستیدا ئەمە شتێك نییە كە ناوی خۆشەویستی بێت، چونكە خۆشەویستی چەمكێكی ڕووتە وەك خواوەندێ یان بوونەوەرێكی نامۆ و كەس نەیتوانیبێ ئەو خواوەندە ببینێ...) پارمەنیدیس و ئەفلاتون وەك دوو فەیلەسووفی ئایدیالی پێیان وایە خۆشەویستی كاتی نییەو هەمیشەییە، بە پێچەوانەی هیراكلیتیس و هیگڵەوە، كە بڕوایان بە( گۆڕان– صیرورە) یە.

كۆمەڵ تەواوكەری ئەو هەستەیە، بینینی مرۆڤ بۆ ئەوی تر پاشان بۆ مێشك و دەمارەكان پێوەری خۆشەویستین لە مرۆڤدا.

خۆشەویستی مرۆڤ بەرەو جەنگەڵەكانی مەرگ دەبات و مەرگ وەك هێماو دەروازەیەك بۆ گەیشتن بە جیهانی (ویست) سەردەخات، ئەفسانەی كوردی مەرگەساتی عاشقانەی وەها دەگێڕێتەوە و لە ئەفسانەی (ئەحمەد خان و عەلی وەلی ) دا كچە پاشا وەك سیمبوڵی دەسەلات و سامان دەستبەرداری عەرشی باوكی دەبێت و بۆ لای ئەحمەد خانی خۆشەویستی ڕێگای جەنگ و مەرگ هەڵدەبژێرێت، یاخود لە داستانەكانی شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنون، مەم و زین...هتد جوانترین وێنەی ئەوینداری لە بەیەكنەگەشتنی دوو جەستە، بەلام تێكەلاوبوونی دوو هەست و نەست و سۆز دەنەخشێنێت.




خۆشەویستی تەنیا پابەند نییە بە دیدێکی ئایدیالییـــەوە، پەیوەســـت بـــە پێناســـی فەیلەســـوفێك، ئایینزایـــەك، دەروونناســـێك، عاشقێك... نییە، بەڵکە پەیوەستە بە رۆحەوە نەك بینینەوە، بە مانای ئەوەی خۆشەویستی هەســـت پێـــدەکرێت نـــەك ببینرێـــت، ئـــەوەی خۆشەویستی دەبینێت نیچە ئاسا (ژن دەکاتە مـولکی خـۆی) خۆشەویـستی لـە مولکایەتیـدا رەچـاودەکات. نیـچە لـە کتێبی (وەهـای گـوت زەرەدەشـت) دا ئـەوە دەخاتـە روو کـە ئـەوینی مرۆڤ ئەم دەکوژێت، هەر بۆیە مرۆڤ شایستەی خۆشویـستن نییـە، بەڵکـە ئـەوە یەزدانـە کـە مایـەی ئەوینـە، پێچەوانەی ئـەم بۆچوونە ژنـە شـــاعیری ئێرانـــی (فروغـــی فروغـــزاد) لـــە نامەیەکیدا بۆ ئازیزەکەی شاپوری هاوسەری، دەنووسێت (خۆشم دەوێیت، خۆشم دەوێیت وەك منداڵێك، کە زیاتر لە هەموو شتێك ئارەزووی لە ئامێزی گەرمی دایکییەتی، ئەگەر دایکی سزای توونديشی بدات، ئـەو هـەر پـەنا بـۆ داوێنـی دەباتـەوە.) خۆشەویـستیی دایکایـەتی وەك بـاڵاترین ئاسـتی خۆشەویـستی بـێ مەبەسـتو بـێ نیـازە، بۆیـە شـاعیر ئـەوینی خـۆی بـەم خۆشەویـستییە دەشوبهێنێ، بە پێچەوانەی (فرۆید)ەوە، کە بە نەخۆشیی دەروونی (گرێی ئۆدیب) حەزکردن لە دایك دەستنیـشانی دەکـات. فروغ لەبـەردەم خۆشەویـستەکەیدا پـتر حـەزی بـە نەمانـە نـەك ژیـان، بـەڵام هەمیشە بوونی ئەو گوڕو تینێکی نوێتری دەداتێ، هـەروەك دەنووسێت: من بۆ ئەوەی تۆ لـە بیری خۆم بەرمەوە، خۆم لەناوبرد، بەڵام تۆ رۆژ بەرۆژ بۆ من زیندووترو پڕ مانا تر دەبیت).

(بزورگـی عەلـەوی) لـە رۆمـانی (چـاوەکانی)دا وەسـفی جـوانترین خۆشەویـستی دەکـات، چ خۆشەویستیی ئەو بۆ نیشتمان، چ بۆ فەرەنگیزی عاشق، هەوڵدان بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان لە ئاڵۆزترین باری سیاسیی وڵاتدا و نیشتمان ویستن نەك خۆویستن، لە بەرامبەریشدا خۆشویستنی فـەرەنگیس بـۆ ئـەوە نییـە بیکاتـە فریادرەسـی خـۆی، بگـرە تـا دوورکەوتنـەوەو مـردنیش رازی خۆشویستنی نەدرکاند. ئەوەتا فەرەنگیس دەڵێت: (بەردەوام من بیانوویەکم دەدۆزییەوەو دەچووم بۆ لای ئەو، هەمیـشە مـن تەلـەفونم بـۆ دەکـرد و وادەم لـێ دەسـەند. تەنانـەت بـۆ جـارێکیش چییە دەعوەتی نەکردم، بەڵام کاتێك دەچووم بۆ لای یان بە تەلەفون قسەم لەگەڵ دەکرد، دیار بوو کـەیفی پێمدەهاتو خۆشحاڵدەبوو، بە پەرۆشەوە پێشوازیی لێدەکردم.) زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی باس لە خۆشەویـستی دەکـەن هەمیشە چاوەڕێی وەڵامێکی پۆزەتیڤو هـەرگیز بەرگـەی (نـەرێ) نـاگرن، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەدەگرێت کە ناکرێت خۆشەویستی بێبەرامبەر بێت، چونکە ئەو لەبەرامبەر پێدانی ئەوین قوربانی دەدات نەك شتێکی دیکە، هـەروەك هەندێك لـە رۆمـاننووسو شاعیرەکان بـەم

دیـده نالۆجیكییانـه بـۆ چـەمكی خۆشەویـستی ئـەڕوانن. (بـەختیار عـەلی) لـە ڕۆمـانی (دواهـەمین هەناری دونیا)دا بە ئاشكرا بانگەشەی ئەو دیدگایە دەكاتو دەڵێت:

(چ تاوانێك لەوە گەورەترە مرۆڤ یەكێكی لە قوڵایی دڵەوە خۆش بوێتو ئەو خۆشی نەوێت؟....
من دەڵێم ئەوە لە كوشتنی مرۆڤ بە گوولله خراپترە لە كوشتنی ئینسانو سەربڕینی بە چەقۆ خراپترە....).

لێـرەدا خۆشەویـستی بـەهای ڕۆحـی لەدەسـتدەدات، دەبێتـە مـاددە-شـت، واتـە كەسـی (خۆشویـستراو) پێویـستە بـەها ڕۆحـیو هەسـتییەكانی خـۆی ئەفـەرۆز بكـاتو ئـەریێ بـدات بـە بەرامبەرەكەی، تا رادەییەك خۆشەویستی بەم رەوتە ڕۆشتووە: (خۆشمدەوێیت لەبەر ئەوەی تۆ منت خۆش ئەوێت)، خۆشەویستی دەبێتە لەبری دانان، لەبری ئەوەی تۆ منت خۆش ئەوێت منیش تۆم خۆشدەوێت، بێگومـان ئەمـەش دوورە لـە چەمكی خۆشەویستی، هـەروەك فلۆرەنس سكۆڤەڵشن لـە كتێبی (گەمەی ژیان)دا دەڵێت:

(عەشـقی راسـتەقینە خۆپەرسـتیی تێـدا نییـەو بەرییـە لـە هـەموو ترسـێك. بـەبێ هـیچ چەشـنە چاوەڕوانییەك، خـۆی پێـشكەش بـە خۆشەویـستەكەی دەكـاتو بەبەخـشین شـادمانە. عەشـق واتـە دەركەوتنی خواو گەورەترین هێزی موگناتیسییە لە كەوندا..).

**خۆشەویستی لەنێو دەقە شیعرییەكاندا..**

شیعر مێژوویـەكی دێرینی هەیـەو پەیوەسـتە بە سـەرەتاكانی ژیـانی مرۆڤایەتییـەوە، دەربڕینـی بارە دەروونییەكانی مرۆڤ (ترس، دڵەڕاوكێ، برسێتی، نائارامی، بێزاری...هتد) بووە، تەنانەت (جان جاك ڕۆسۆ) سەرەتای ئاخاوتنی مرۆڤ بە جۆرێك لە شیعرو دەربڕینی هەستو سۆز پەسن دەكات و وەك تیورێكی زمانی ئاماژەی پێدەدات.

پێكهاتـەی دەقێكـی شـیعری بـە تـەنها مادەیـەك یـان خـامێكی شـیعری نـەبووە، بەڵكـە لەگـەڵ بەرەوپێشچوونی ژیان، كەرەسە شیعرییەكانیش لە گۆڕاندا بووە، خۆشەویستی یەكێكە لەو كەرەسە شیعرییانەی كە هاوكاتی لەگەڵ مێژووی شیعر بووە. مرۆڤ وەك عـەقڵو ڕۆح مامەڵـەی لەگـەڵ جیهـان كردووە و هەمیشە بەشێكی دانەبڕاو بووە لە سۆزو ئەوین. خۆشەویستی لەتەك بیرو عەقڵدا بـرەوی بە هەسـتەكانی داوە، بەتایبـەت هەسـتێك كـە بـەردەوام پەیوەسـت بـووە بـە ڕۆحـی مرۆڤایەتییـەوە، شاعیریش بە زمانێكی ئەفسوون تایبەت بە خودی خۆی هەستی خۆشەویستیی خۆی دەربڕیووە.

گـەر سـەرەتا شـیعر لـەپێناوی دەربڕینـە خودییـەكانی مرۆڤـدا بووبێـت، ئـەوا لەسـەدەی هـەژدەو نۆزدەدا شیعر بۆ شیعر بووە، بە تایبەت شاعیرانی كلاسیك بۆ ئەوەی نازناوی شاعیرێتی تۆماربكەن لە هەموو بوارەكاندا شیعریان نووسیوە، هـاتنی رەگـەزی خۆشەویـستی بـۆ نێـو تێكـستێكی شـیعری رەنگـە هـەر لەبـەر هـەمان هۆكـاری بـوون بـە شـاعیر بووبێـت. دەشـێ حەبیبـە وجـوودێكی جەسـتەیی نەبووبێت، بەڵام پێویست بووە نالی بابەتی خۆشەویستی لە هۆنراوەكانیدا رەنگبداتەوەو ژنێك وەك رەمـزی خۆشەویـستی وێنـا بكـات لـە شـیعرەكەیدا، ئەگەرچـی وێنـای جـوانترین ئـەوین دەكێـشێو نموونەی خۆشەویستییەكی ناكام دەشیعرێنێ.

له سەدەی بیستدا شیعر وەك ئامرازێك بۆ چاكسازیی بواری كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی، تەنانەت نوێكردنەوەی خودی شیعریش بەكارهێنراوە، بۆ نموونە شاعیرانی سەدەی بیست لە رێگەی شیعرەوە توانیویانە كار لەكۆمەڵ بكەن و پەنجە بۆ كەلێنەكانی كۆمەڵگا درێژبكەن، بەتایبەتی لە بواری رۆڵی ئافرەت لەكۆمەڵدا، شۆڕشەكانی گەل، چەوسانەوە.. .هتد.

لای شاعیرانی سەدەی بیست خۆشەویستی وەك بابەتێكی سەرەكی دەبینرێت، هەروەك خۆشەویستی بۆ مرۆڤ ، نیشتمان، سرووشت، مەعشوق، كە هەریەكەیان بەپێوەری جیاواز دەركەوتوون، ئەمەش لە دوای ئەو ئینقیلابە گەورەیە دێت كە بەسەر رێبازی كلاسیزمدا هات و رێبازێكی نوێ هاتە گۆڕێ، كە لەسەر بنەمای سۆزو خۆشەویستی و خەیاڵ بونیاد نرابوو. رێبازی رۆمانسیزم لە ئەوروپا لەسەدەی هەڤدەو هەژدەوە لە ئەنجامی باری ئاڵۆزی رامیاریی ئەو كاتەی ئەوروپا سەریهەڵدا. یەكێك لە خەسڵەتەكانی ئەم قوتابخانەیە بەر لە هەرشت خۆشەویستی بوو بۆ جیهان، تەنانەت (شیللی) پێی وابوو پێویستە جیهان لەسەر بنەمای خۆشەویستی و برایەتی دروستبكرێتەوە (خۆشەویستی بە لای (شیللی) یەوە ئامانجێكی پیرۆزە بۆ دۆزینەوەی شتە نهێنییە شاراوەكانی ناو دڵ و دەروونی ئادەمیزاد...) هەموو ئەمانەش لە شیعرێكدا بە ناونیشانی "فەلسەفەی خۆشەویستی" دەخاتە روو.




دڵەڕاوكێ و كەرتبوونی كەسایەتی و هەستكردن بە لاسەنگیی سایكۆلۆژی و گرنگیدان بەهەڵچوونەكانی ناخ سیمایەكی دیكەی رۆمانسیزم بوو، بڕوانە (سەرچاوەی پێشوو)، بۆ هاوسەنگیی باری دەروونی، شاعیرەكان پەنایان بۆ خەون و خەیاڵ دەبرد بە شێوەیەك (جان جاك رۆسۆ) دەڵێت: "گەر خەونەكانم ببێتە شتێكی راستەقینەو هەمووشی لە واقیعدا بێتە دی ئەوە هێشتا دابین نابم پێی، بەڵكو لەمە زیاتر بیر دەكەمەوەو خەو دەبینم، چونكە ئارەزوو و رەغبەتم سنووری بۆ نییە، لە دەروونمدا هەست بە بۆشاییەك دەكەم، هەر چەند دەكەم بە هیچ شتێك بۆم پڕنابێتەوە..". (گۆتە) لە رێگەی شانۆیی (فاوست)ەوە بانگەشەی ئەوە دەكات، كە مەحاڵە نهێنییەكانی سرووشت و دەروون لە رێگەی واقیعەوە دەستەبەر بكرێن، بۆیە بە ناچاری بۆ خەیاڵ و خەون دەگەڕێینەوە.

لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەت كوردستانی عیراق، بە كاریگەریی ئەو رەوتەی ئەوروپاو باری سیاسیی كوردستان، لە نێوان هەردوو جەنگی جیهانیی یەكەم و دووەم و سەرەتای سەدەی بیست،

ڕێبازی ڕۆمانتیك دەركەوت، كە جگە لە تازەكردنەوەی، شیعری كوردیی ئازادكردنی لە پێوەندیی یاساو ڕێسای ڕێبازی كلاسیزم لە ڕووی ناوەڕۆك و ڕواڵەتەوە، برەودان بوو بە بابەتی خۆشەویستی، وەك ئەزموونێكی ڕاستەقینەی شاعیر.

پۆلینكردنی واتای خۆشەویستی لای شاعیران كارێكی سانانییەو پێویستی بە لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی و بەراوردكاری هەیە، وێڕای ئەوەش ناكرێت بە پێی جیاكردنەوەی قوتابخانە ئەدەبییەكان واتاكانی خۆشەویستی دیاری بكەین، هەروەك چۆن ناكرێت كەسایەتیی شاعیرەكان لە نێو چوارچێوەی ریبازە ئەدەبییەكاندا قاڵببەند بكەین، بۆ نمونە، كاتێك خۆشەویستی مانای حەقیقی لای شاعیرە كلاسیكییەكان لە دەست دەدات، بەو واتایە نییە كە ئیدی شاعیرانی كلاسیك لە خۆشەویستی ڕووتبكرێنەوە، چونكە ناكرێت تەواوی مرۆڤ لە هەستەكان دابڕێن، بەڵكو دەبێت جۆری خۆشەویستییەكە بەرجەستەبكرێت.

زۆرینەی ئەفسانەو داستانە كوردییەكان گوزارشت لە خۆشەویستییەك دەكەن كە جگە لە خۆشەویستییەكی ڕۆحی چیدی نین. زۆر كات ئەم خۆشەویستییە بە مەرگ كۆتایی دێت، نە شیرین بە فەرهاد دەگات و نە لەیل بە مەجنوون...هتد.

بەشێوەیەكی گشتی لە خوێندنەوەی شیعرەكانەوە دەتوانرێت سێ جۆر واتای خۆشەویستی دەستنیشان بكرێت:

1- خۆشەویستی بۆ شیعر.

2- خۆشەویستی بۆ ئەوی تر وەك جەستە ، كە ئەمە پتر مانای (حەزلێكردن) دەگەیەنێت.

3- خۆشەویستیی ڕۆحی.

خۆشەویستی لە پێناوی شیعردا، مەبەست دەرخستنی هەستەكانی شاعیر نییە، ئەو دەیەوێت زمانی شیعر بكاتە نێوەندێك بۆ ناسینی شاعیر و شاعیر لەرێگەی بەهرەی شیعرییەوە دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، كە لە زانستی دەروونیدا بە (تحقیق الذات) ناوزەد كراوە، ئیدی بایەخ نادات بە خۆشەویستی وەك گیان، بەڵكە كەرەسەیەكی بێگیانەو هەیكەلی قەسیدەیەكی پێ دروستدەكات.

خۆشەویستی بۆ ئەوی تر وەك جەستە، پتر لای ئەو شاعیرانە دەردەكەوێت كەجەستەی ئافرەت وەك بوكەڵەو واڵایەكی جوان دەبینرێت و بەهای ڕۆحیو ئەقڵی چ مانایەكی نییە، بە پێی تیوری (فرۆید) ئەم دەستەیە وەك كەسایەتییەكی نەرجسی یان سادی دەردەكەون، خۆشەویستی لێرەدا كاتییەو بە بەركەوتنی ئەوی تر كۆتایی دێتو دیسانەوە خۆشەویستییەكی تر دەستپێدەكاتەوە.

جۆری سێیەم، پەیوەندییەكی ڕۆحییەو پەیوەست نییە بە ئامانجێكی دیاریكراوەوە، لەبەرامبەر بەدەستهێنانی شتێك، بەرژەوەندییەك، ئەنجامێك، ئەوی تری خۆشناوێت، بەڵكو لەبەر ئەوەی خۆشی دەوێت خۆشی دەوێت، (فلۆرەنس) وتەنی (خۆشەویستی یاسای كامڵبوونە)، ئەم خۆشەویستییە وەك (ئەریك فرۆم) پێی وایە بەشێكە لەبوونی مرۆڤو هەمیشەییە، هەوڵی بۆ نادرێت، بێ ویستانە لە ناخەوە سەرهەڵدەدات.

لەنێو شاعیرانی ڕۆمانتیك (ئەحمەد هەردی) یەكێكە لەو شاعیرانەی لە تاكە دیوانەكەیدا (رازی تەنیایی)پانتاییەكی فراوانی لە ژیریوخەیاڵ بەخشیوەتە بەهای خۆشەویستی، خۆشەویستی لای (ئەحمەد هەردی) خاوەنی واتایەكی قوڵی فەلسەفییە.

(رازی تەنیایی) دەربڕی کەسایەتیی (ئەحمەد هەردی)یە، هەر هێمایەك ئاماژەیە بۆ ژیانێکی تایبەتی شاعیر، کاریگەرییە دەروونییەکان پتر حەقیقەتی شاعیر لە بێمانایی ژیاندا بەرجەستە دەکات. ئەو دەیەوێت لە دەقێکی شیعریدا رەخنەگرێکی راستیپەرستو شاعیرێکی جوانپەرستو ئەویندۆستێکی هەمیشەیی بێت. ئەو لەنێوان مەرگو ژیاندا بەچەشنی فەیلەسوفێك بانگەشەی خۆشەویستی دەکات، دەزانێت رۆژێك مردن دڕ بە جوانیی دڵبەرەکەی دەبات، بەڵام رۆح بۆ ئەو قابیلی فەنا بوون نییە.

چاپی یەکەمی (رازی تەنیایی) دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1957، هەندێك لە پارچە شیعرەکانی بە تەواونەکراوی لە چاپی یەکەمدا بڵاوکرابووەوە، وەلێ خۆشەویستیی ئەو بۆ بەرامبەرەکەی، وەلێ ئەو ئەوینەی کە لەرۆحیدا جاویدانییە، پاڵپشتی سەرەکیی تەواوکردنی دیوانەکەیو جارێکی تر دەرچوونێتی لە ساڵی 1983دا. لە پێشەکیی چاپی دووەمدا شاعیر وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ ئەو قسەوقسەلۆکانە دەربارەی ئەوەی هەردی هیچی پێنەماوە، بەتایبەت کاکەی فەلاح لە (کاروانی شیعری نوێی کوردی) دا، وێڕای بە شاعیرێکی ناوداری سەردەمی ناساندووە، بەڵام بێتوانایی شاعیری لە تەواونەکردنی شیعرەکاندا خستۆتە ڕوو، هەروەها لە هەڵسەنگاندنە شیعرییەکەیدا بەو دەرئەنجامە گەشتووە کە شاعیر لە ژیانی سیاسیو ئەوینداریدا کەسێکی دۆڕاو بووە، نموونەش لای (کاکەی فەلاح) خودی شیعرەکانە. شاعیر لەبەرامبەر ئەمە جارێکی دیکە بە تەواوکردنی هۆنراوەکانو چەند شیعرێکی دیکە، کە لە چاپی یەکەمدا نەبووە (ڕازی تەنیایی) دەردەکاتەوە.
بڕوانە: پێشەکیی (رازی تەنیایی) ئەحمەد هەردی 1983.

شاعیر لە چاپی دووەمدا دەیەوێت خۆی بسەلمێنێت، بەڵام خود سەلماندن (تحقيق الذات) تێکەڵ بە خۆشەویستی نەبێت مەحاڵە دەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێ بکەوێتەوە، بەڵکە هەمیشە نێوەناچڵ دەمێنێتەوەو وەرگر گیرۆدەی بەدحاڵیبوون دەکات، بە مانایەکی دیکە دەقێك خۆشەویستیی تێدا نەبێت، گوێی خوێنەر ئازار دەدات. گەر لای فرۆید شیعر بەرهەمی نەست بێتو ململانێی نێوان (ئەو و بەرزە من) بێت، ئەوا لای شاعیر وەك حەقیقەتێکی بوون خۆی دەردەخات، خۆشەویستی لە رازی تەنیاییدا حەزێك نییە بۆ گەیشتن بە جەستەی ژن، کەبتێکی ئۆدیبی نییە، کە هەمیشە دژە ئەوینێك سەراپای مرۆڤی کەبت بوو داگیر بکات ، خولیایەك نییە بۆ تەنها بەرکەوتنێكو دواتر بۆن بە گوڵێکی دیکەوە بکات. هەردی لە تەواوی شیعرە ئەویندارەکانیدا هەیکەلێکی رۆحیی پڕ لە خۆشەویستی دادەتاشێت..

باخەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ ئەلاوێنێتەوە
بۆ ئەوەی گەورەی بکاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە
بیفرۆشێ بەو کەسەی خەڵقی ئەڕوتێنێتەوە!
بۆئەوەی مێزی شەرابی، پێ بڕازێنێتەوە.....
کچ لەلای ئێمەش، گوڵێکە، بۆیە پەروەردەی ئەکەن
تا بڕازێنێتەوە: مێزی شەرابی دەوڵەمەن...!

شاعیر بەپێچەوانەی گریمانەی (فرۆید)ەوە سەیرکردنی ژن وەك جەستەیەك بە دیاردەیەکی قێزەونی کۆمەڵگا دادەنێت و ئەو کەسایەتییە سادديانە رەتدەکاتەوە، کە هەمیشە دەيانەوێت لە دەرەوەی سۆزو ئەوین بە زەبری ماددە شتەکان بکەنە موڵکی خۆیان، دواتر بە ویستی خۆیان هاوچەشنی بوکەڵەیەکی بێگیان مامەڵەی لەتەك بکەن و ئازاری بدەن. فرۆید نەك دەرئەنجامی ئەدەب و هونەر بە دابڕانی مرۆڤ لەچێژی جەستەی ئەویتر وێنا دەکات، بەڵکە پێیوایە خەونەکانیش هەمان لێکدانەوەی ئەو دەرئەنجامەی هەیە و هێماکان بەڵگەی دنیای شتە قەدەغەکراوەکانە. دژیاریی ئەم بۆچوونە خۆشەویستی پێودانگی سەرەکیی ژیانی پراکتیکیی شاعیرەو لەوێوە هەنگاو بۆ جوانییەکانی دیکە دەنێت و لەنێو جوانییەکانیشدا پۆخڵەواتی خۆشەویستی دەبینێت..

رەنگە لات وابێت کە گوایە یارەکەت مارەت ئەکا

یا بە کەیبانووی تەلاری بەرزی ئەم شارەت ئەکا

ئەم خەیاڵەت خاوە، تووشی: داوی ئەو مارەت ئەکا

هەردی لەبەرامبەر قبوڵکردنی ئەم بارەی کۆمەڵ، ژن وەك بوویەکی نا وشیار بە چەمکی خۆشەویستی و نابینای حەقیقەت تاوانبار دەکات. لە شیعری ( دوو چەشن دڵداری)دا وەك دەقێکی رەخنەئامێز باری دواکەتوویی و نامۆبوونی ئافرەت بە چێژو حەقیقەتی خۆشەویستی پیشاندەدات و تارمایی دەسەڵاتی ماددی لەسەروو عەقڵییەوە بەدەردەخات، ئەمەش ئەو تەمی یەئسەیە کە دواتر دووچاری ژن دەبێت، بێ ئەوەی بەر لە وەخت دەرك بە لایەنە شاراوەکانی نییەتی پیاو بکات. هەردی لەتەك ئەم رەخنەیەدا دەستنیشانی دوو جۆر ژن و پیاو دەکات: ژنێك هیچ بەهایەکی خۆشەویستی لە ناخیدا نییە و پێودانگی خۆشەویستی لای ئەو پارەیە، پیاوێك دڵداری دەکات تەنها وەك حەزو بەدەرە لە مەیلی رۆح...

1- چونکە ئەیزانم تەلاری یارە خوا پێداوەکەت        ژن: ————◄ دنیاپەرست

مەستی کردووی، بۆیە نایبینێ لە عاستم، چاوەکەت..

* * * * *

2- ئەو بەتەنیا بۆ گوڵی سەرمێزی بادەی تۆی ئەوێ        پیاو: ————◄ حەزو رابواردن

هەر کە جارێ بۆنی کردی، جا گوڵێکی نوێی ئەوێ!...

شاعیر بەتەنیا مەبەستی دەرخستنی جیاوازیی چینایەتی نییە و بانگەشەی لیبراڵییەتی خۆی وەك بۆمبایەك بەرووی میللەتدا ناتەقێنێتەوە، ئەو ئەیەوێت نهێنیی خۆشەویستی لە دوو چەشن دڵداریدا بدرکێنێت، چەشنێکیان خۆشەویستییەکی کاتییە بۆ چێژوەرگرتن لە جەستەی بەرامبەر، چەشنی دووەمیش جگە لە خۆشەویستییەکی رۆحی چیتر نییە، مەرج نییە ئەم بیرەی شاعیر پەیوەست بەو دۆخە ئەدەبییەی سالی چلەکانەوە بێت، کە سەرگەرمی رۆمانسییەت بوو، بەڵکە هێزی کەسایەتی و مۆراڵێتیی سرووشتی شاعیر وادەکات، کە ئەوین لای ئەو بڕوایە پێش ئەوەی مانایەکی دیکە لەخۆبگرێت.

ئەم دڵەی وەک بت پەرستیٚ روو ئەکاتە چاوەکەت
نویٚژ ئەکا بۆ: تیشکی چاوو زوڵفە تیٚک ئاڵاوەکەت
گەرچی ئەیشێلی بە زەبری قۆندەرەو پێڵاوەکەت
قەت بە دڵرەق باست ناکەم نایزرِێنم ناوەکەت

وەك چینییەکان دەڵێن (بڕوا شاخەکان دینێتە لەرزە)، خۆشەویستیش لەو بڕوا بەتینەوە دروست دەبێت کە لە قوڵترین سووچە نادیارەکانی رۆح و دڵەوە سەرچاوە دەگرێت، ئاشکرایە مەبەستێکی ماددی لە پشت ئەم ئەوینەوە خۆی مەڵاس نەداوە، سۆزی عاشقانەی خوداپەرستێك لە ترسەوە بۆ پەرستگا نییە، بەڵکە خۆشەویستیی لەخۆوەی ئەو، دەیەوێت لە کڕنووشبردندا بەیانی بکات، بەم چەشنە ئەو ناخوازێت لیبیدۆیانە رەفتار لەگەڵ دۆستەکەی بکات، تەنها خۆشەویستییەکی هەمیشەیی مەبەستە، ئیدی بۆ شاعیر گرنگ نییە هەڵوێستی دڵدارەکەی چی دەبێت، گرنگ ئەوەیە خۆشەویستییەکی تاهەتایی ناخی پاوانکردووە...

من، گوڵم بۆ: تۆوی باخی ژین و دڵداری ئەویٚ
یانی من، تۆم بۆ: ئەوینی عومری یەکجاری ئەویٚ
تۆم ئەوێت وەک گوڵ لە باخی ماڵی مندا هەڵبدەی
نەک گوڵی سەر مێزی ئیمرۆ بیت و پێخوستی سبەی!...

نە شاعیرێك بەڵکە مرۆڤێك خاوەنی ئەم ناخە گەرم وگوڕەی خۆشەویستی بێت، وەك ماکان هەزار تابلۆی رەنگاورەنگ دەنەخشێنێت، بۆیەو فڵچە دەبێتە زمانی گوزارشتکردن. ئەحمەد هەردی لەبری فڵچە وشەو دەستەواژە دەکاتە پردی گەیاندنی هەستەکانی و پێشکەشی (ست فاتیمە)ی دەکات، بەو ئەوینەوە جوانیی ست فاتیمە دەکاتە هەیکەلی یۆنانی، جوانی لە خەیاڵی شاعیردا بەچەشنی مەی کە ئامادەکراوی سروشت و خودا بێت، مەستی دەکات. بەو نیگا مەستانەوە هەیکەلێکی سەماکەر بە سیحری گۆرانی دەبینێت، کە هەرگیز نە ئەیەوێت بیکاتە موڵکی خۆی، نە بەشتگەلێکەوە ئەوی دەوێت. خۆشەویستی لای ئەو جوانترین سەروەتە، بۆیە تەنها شتێك کە خواستی شاعیر بێت بزەیەکی دۆستانەو پرشنگی نیگای ست فاتیمەیە.

نیگا، وەك زمانی جەستە پتر جەخت لە خۆشەویستیی شاعیر دەکات و دەستەواژەو دەربڕواکانی نێو کێڵگە واتاییەکانی (ست فاتیمە) تەمی ئەو گومانە دەرەوێنێتەوە، کە هەردی دۆڕاو بووبێت لە خۆشەویستیدا، چونکە لە نێوان دۆڕاندن و سەرکەوتندا شتێك بە ناوی خۆشەویستی لە ئارادا نییە...

بووکی رازاوەی خەیاڵم، گیانەکەم ست فاتیمە!
تاقە پڕشنگێکی چاوت ئەوپەڕی ئاواتمە

* * * * *

هەر بەتەنیا خۆشەویستی شک ئەبەم، ست فاتیمە
سەروەتم ناوێت، بزەی تۆ ئەوپەڕی ئاواتمە..

ئەحمەد هەردی هێشتا گەشبینە بە خۆشەویستەکەی، ئەو لە موڵکایەتی ناترسێت، چونکە موڵکایەتی دژیاری بۆچوونەکانی ئەوە بەرامبەر بە ژیان، هەرگیز تەمەنناى بەموڵککردنی خۆشەویستەکەشی نەکردووە. کەمترین شتێك لە خۆشەویستەکەی ویستبێت تەنها گوێگرتنێك بووە بۆ ئەم رازی دڵەی، کە هەمیشە وەك ئایدیۆلێك پەرستوویەتی، ئەمەش هاوشێوەی خۆشەویستییەکەی (ئەریك فرۆم)ە، کە بە خۆشەویستیی بوونایەتی ناوی دەبات..

بووکی رازاوەی خەیاڵم! گیانەکەم ست فاتیمە!

گوێ یە بۆ ئەم رازەم شل کەی، ئەوپەڕی ئاواتمە..

چاوەڕوانیی شاعیر بۆ خۆشەویستەکەی هەروەك چاوەڕوانیی گۆدۆ هیچ دیدارێکی نەبووە. (سامۆئیل بیکێت) بێمانایی ژیان لە چاوەڕوانی گۆدۆدا دەردەخات، (ئەلبێر کامۆ)ش لە شانۆیی سیزفدا دیسان ناماقوڵیی ژیان لە دووبارە هێنان و خلۆربوونەوەی بەردەکەدا بەرجەستە دەکات، شاعیریش لە دووبارەبوونەوەی رۆژەکانی وەك یەك و شازدە ساڵ چاوەڕوانی دووچاری رەشبینی و ناسۆری و نائومێدی دەکات و ئیدی هیچ رۆژێکی تروسکایی تێدا بەدی ناکرێت...

تۆماری شانزە ساڵی ژیانی خۆشەویستیم

ئاواتی پڕ لەتاسەی دەروون و گیانی برسیم

بەجارێ نایە چاڵی ژیانی پڕ سزاوە...

کە شەوقە چەندە گەنجی هەژاری تیا ڕزاوە...

(چاڵی ژیان) ئەو چاڵە واتاییە، کە خۆزگەو هیواکانی تێدا ناشتووە، دەبینین شاعیر لە رووی بایۆلۆژییەوە کەسێکی زیندووەو لە ناخیشدا بانگەشەی بکەرێکی مردوو دەکات، لەمجۆرە ژینەدا کە دوورە لە هاوسۆزو ئەوینی خۆی، ئیدی کەسێکی نییە، کەس بۆ ئەو تەنها دڵدارەکەی خۆیەتی، کە هەمیشە بە دوو چاوی پڕ لە پرشنگی چاوەڕوانییەوە هەتا ئاوی پێی دایە چاوەڕێی دەکات، بەڵام سەرئەنجام هیچ، بۆیە عەزرەتی مەرگێکی هەمیشەییە...

وێڵم و تاریکە دەورم فەرشی رێگام مەینەتە

بێکەسم تەنیا ئەناڵم مەرگی خۆمم عەزرەتە..

یۆنگ دژیاری فرۆید ئەم بارە سایکۆلۆجییەی مرۆڤ بە نەستی دەستە جەمعی ناو دەبات، بەو مانایەی زۆر نەریت یان سیفەت لە باپیرانمانەوە بۆمان دەگوێزرێتەوە، بۆیە وەك یەك هەست بە شتەکان دەکەین، بۆ نموونە ئەو خۆشەویستییەی لای (هەردی) وجودی هەیە، بەهەمان شێوە لای مرۆڤێکی دیکەش دەبینرێت، بۆیە کاتێك دەقێك دەخوێنینەوە وای دەبینین کە خۆمان نووسیبێتمان، یان هەمان ئەزموونی ئێمە خرابێتە روو، چونکە (لە خودئاگایی مرۆڤ جیا لە خودئاگایی مرۆڤ، نا خودئاگای کۆمان هەیە، کە زانست و ئەزموون و وێنەی کۆی سەرومڕی رەگەزی مرۆڤ لە خۆیدا جێ دەکاتەوە، ....خەڵکی لە سەرتاسەری دنیا بەشێوەیەکی یەکسان لەبەرامبەر ئەفسانە، یان کۆمەڵێك چیرۆکی تایبەت هەڵوێست دەگرن، نەك لەسۆنگەی ئەوەی هەموویان هەر چیرۆکێك دەزانن، یان هەر سەرنج بە چیرۆکێك دەدەن، بەڵکو بەهۆی ئەوەیە کە لە قوڵایی نا

خودئاگـایی كۆمانـدا بیرەوەرییـەكانی قـەومی رابـردووی مرۆڤایـەتی خۆیـان حەشـارداوە. ئـەم بیرەوەریانە لە قەوارەی نموونەی ئەزەلی "Archtypes" ئامادەبوونیان هەیە). لای یۆنگ نموونـەی ئـەزەلیی ئـەو ئـەزموون و وێنانەیـە كـە بـەردەوام لای مـرۆڤ هـەن، بڕوانـە (چـارلز برێـسلێر: رەخنـەی ئەدەبیی قوتابخانەكان لا 168)، بەم پێیە هاوشێوەی ئەزموونەكان، دەبێتە نەستی بەكۆمـەڵ و دواتـر كانگەیەك دەبێت بۆ گوزارشتەكانی ناخی تاكەكەس.

شـاعیر بـەردەوام چـاوەڕوانی بینینـی بـووە، وێنـەی خۆشەویـستەكەی لـە رۆحیـدا وێنەیـەكی چەسپاوی لـەنێو چاویدا دروسـتكردووە، بەچەشـنێك هـەموو ئـەو رێبوارانـەی بەوێـدا راگوزەریـان كـردووە بـە هـەمان شـێوەی ئـەوی بینیـووە، بێگومـان ئەمـەش لـە زانـستی پاراسـایكۆلۆجیدا بـە ئامـادەبوونێكی رۆحـی تەركیزكردنـە سـەر هـەر خاڵێك، دانـەوەی تیشكی چـاو بـەو وێنەیـە پـەخش دەبێتەوە، بەم پێیەش خۆشەویستی لای هەردی هەمیشە ئامادەبوونێكی رۆحیی هـەبووە، دەنا زوو هەرەسی دەهێناو هەر رۆژەی شیعرێكی بۆ شۆخێك دەنووسی...

شنەی با، باسی جوانی ئەو، بەگوێی مندا ئەچرپێنێ

هەموو دەركەوتنی شۆخێ، دڵی من دائەخورپێنێ

بەڵام خورپەی تەواوی دڵ لەگەڵ هەنگاوی ئەودایە

كە سەرتاپا لە ئاوازی بەهەشتی خواوە... پەیدایە..

ئەو خەم و ئازارەی لە چاوەڕوانیدا دەیچێژێت، هاندەرێك نییە بۆ لەبیرچوونەوەی ئەویندارەكەی، ئەگەرچـی لـە ناسـۆرترین سـاتەكاندا دەژی، بـەڵام هـەرگیز پەشـیمان نییـە لـە ناسـینی، چیدی بـە ئەشـكێكی خوێناوییـەوە یـادی رۆحـە ونبووەكـەی دەكـات، لـەم سـاتەدا زمـان دەبێتـە مـاڵی ئارامبەخشینی ئەو و هانای بۆ دەبات، لەمبارەیەشەوە لاكان پێیوایە زمان بابەت و ئامرازگـەلێكی بنەڕەتییە بۆ پێناسەكردنی خود: (بڕوانە سەرچاوەی پێشوو لا 170) تەنانەت بێ ئومێدی و ژینـی پڕ عەزاب بە شوێنی تا هـەتایی خۆی دەزانێت، ئاخر هەستێك لـە قـوڵایی رۆحـدا رەگـی داكوتابێت چۆن لەیاد ئەكرێت؟.

وانەزانی دەستی خەم یادت لە دڵدا دەئەكا

ئەشكی خوێنینم دەلیلە بۆ كەسێ باوەڕ نەكا

*　　*　　*

هەوڵی زۆرم دا لە داوی زوڵفی ئەو بێ مروەتە

دەرچم و دوایی بهێنم، بەم عەزاب و مەینەتە

پێی وتم بێسودە هەوڵت، تاكو ماوی جێگەتە..

چ هێزێك هەیە حەوت دێڕ كە لە ساڵی 1946دا نووسرابێت، لە ساڵی 1983دا تـەواوی بكـەیت، پێدەچێت بڕوابوون بە تەواوكردن و گرەوكردنیش لەسەری، لەو هێزەوە خوڵقابێت، كە هێـزی بـڕوای خۆشەویـستییە، هێزێـك كـە گوڕوتینەكـەی لـە دڵێكـی پـڕ لـە ئاواتـەوە رێـچكەی بەسـتووە، ئـۆلریش پێیوایە گەر (گۆتە)ی شاعیر رێكبكەوتایە دەزگیرانەكەی بهێنێ، ئەوا رەنگە لـە ژیانـدا سـەركەوتووتر

بوایە، بێگومان ئەمە ئەزموونێکی دەستەجەمعییەو گەر (هەردی) بە خۆشەویستەکەی بگەشتایە، نەدەبووە خاوەنی فەلسەفەی پووچگەرا. پووچگەرایی و رەشبینی و دڵشکانی شاعیر بەرامبەر بە ژیان لەوێوە دەستپێدەکات، بۆ ئەو هیچ شتێك بەهای خۆی نییە. لەلایەکی ترەوە ئەم دڵ نامۆبوونە بەرەو کەلێنەکانی نهێنیی رۆح ئەیبات و فەلسەفەی خۆشەویستی لەنێو دڵێکی پەرتبوودا پێ ئاشنا دەکات...

لەپاشا گەردوو تۆزقاڵی، کە وەک کەرتی دڵی من بوو

یەکی رووی کردە سوچێک و لە تاریکی شەوا ون بوو ...!

بەڵێ، ئێستا ئەوی جێماوە بۆ من، یادگارێکە...!

بەسەرهاتی دڵی ورد و بەسەرچوونی بەهارێکە....!

ئەمە خۆشەویستییەکە ئاکامەکەی بەهەر خاڵێك بگات، نە شایستەی بیرچوونەوەیە، نە بێزکردنەوە و پەشیمانبوونەوە لەودیو ئەوینە رۆحییەوەیە، بۆیە پێناچێت شۆڕشی نائومێدی رەتکردنەوەی دڵبەرەکەی بێت، ئەگەرچی ئەو ژیانەی خۆشەویستیی تێدا نەبێت جگە لە ژیانێکی پووچ چیدی نییە، بەڵام واتا و مەدلولاتەکانی خۆشەویستی بەردەوام لەهەر سات و سەردەمێکدا بێت ئاماژە بە هەمیشەیی دەدەن. شاعیر لە دەقی شیعری (شۆڕشی نائومێدی)دا بەر لەدەستپێکردن ئەوە روونەدەکاتەوە، کە (لە کاتێکدا کە ئادەمیزاد، بە رێکەوت بۆی دەرئەکەوێت، کە ئەو تریقەی پێکەنینانەی، بە ماکی خۆشەویستی ئەزانی، هەوێنی تەفرەدان و دەستبڕینە، لە کاتی وادا ئادەمیزاد، رقی لە دڵداری و خۆشەویستی بە جۆرێك هەڵئەستێ، کە حەز ناکات تەنانەت چارەی ئەو یادگارانەش ببینێت کە لەو دڵدارییە بەجێماون...)، گەر وایدابنێین (هەردی) لەم شیعرەدا پەشیمانیی بەرامبەر بە خۆشەویستی دەربڕیوەو تەفرەی دەستی خۆشەویستەکەی بووە، ئەوا سەراپا خۆشەویستی لای هەردی دەبێتە چێژێکی کاتی و ئیدی بەهایەکی نابێت، بەڵام مەبەستی شاعیر دوورە لە خودی خۆی و ئەزموونی خۆی، لەلایەك ساڵی نووسینی ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ 1944، چەندین پارچە شیعری دیکەی ساڵانی دواتری دەبینرێت، کە ئەوپەڕی رۆحی عاشقانەی تێدا نەخشاندووە:

(ست فاتیمە 1950)

خەڵقی تر، پارە پەرستی، با بکەن، ست فاتیمە

من ، بەتەنیا تۆ پەرستی، ئەوپەڕی ئاواتمە..

(شانزە ساڵ چاوەڕوانی 1948)

لە کانی قوڵی دڵما کە بۆتە گۆڕی ئاوات

رژاوە نەقشی باڵای بڵندی ئاڵ و واڵات

(دڵێکی تێکشکاو1946- 1983)

گوڵی باخی دڵم، چاوی، بەدوی تۆدا ئەوەند گێڕا..

هەتاکو چاوەکەی خۆشی، لەدەوری چاوی تۆ گێڕا..

(چاوەڕوانی بێهودە 1951)

سەرنجی ڕێ ئەدەم، ڕێگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە

وەکو دنیا لەناو جوانی ئەوا توابێتەوە،..... وایە

ئەم دێڕانەو چەندین دەستەواژەی دیکەش بەڵگەن لە پەشیمان نەبوونەوەی شاعیر بەرامبەر بە چەمکی خۆشەویستی، ئەگەرچی ژیانیش لای پووچ و بێ مانا بووە.

ناکرێت واتای سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن بدرێتە پاڵ هەستێکی ڕۆحی، کە خۆشەویستییە. خۆشەویستی هەوڵدان نییە بۆ بردنەوە، خۆشەویستی کۆششی مرۆڤ نییە بۆ بەدەستهێنان، ناکرێت خۆمان ماندوو بکەین لە پێناوی پەیداکردنی خۆشەویستیدا. خۆشەویستی شتێك نییە بە دوایدا بگەڕێیت و بیدۆزیتەوە و پاشان بیکەیتە موڵکی خۆت و شاگەشکە بیت بە سەرکەوتنت، ئەوەی وا بیردەکاتەوە وەك ئەوە وایە لە ترسا یان لە ناچاریدا بۆ پەیداکردنی پارووییەك نان، نەك بۆ گیانبەخشین بۆ بەرەی جەنگ بچێت. لەئەویندا چاوەڕێی بەو گەیشتن هەیە، نەك بەیەکگەیشتن. بەخشین هەیە، نەك وەرگرتن. قوربانیدان هەیە، نەك موڵکایەتی. خۆشەویستی دابەش ناکرێت و بۆ ئەم و ئەو نییە، تەنها بۆ ئەو هەیە. ناکرێت خۆشەویستی دووبارە ببێتەوە. ئەوەی خۆشت ئەوێت تەنها ئەوە و کەسێکی دیکە نییە، چەشنی ئەم خۆشەویستییە لای ئەحمەد هەردییە:

من ئەوینم هینی عومرەو ، هی خەوی شەوگار نییە

وەک خەوی خاوەن تەلارو خاوەنی دینار نییە

هەر بووەو هەرگیز ئەمێنێ، هینی جاروبار نییە

ئاوی لێلی کوێرە شێوی، چەشنی هی ڕوبار نییە

جا ئیتر من واقسەی خۆم پێ گەیاندی، بێ درۆ

حەز ئەکەی هەروەک پەپوولە ڕوو لەئاگر کە و بڕۆ

## ئەنجام

ئەحمەد هەردی وەك شاعیرێکی ڕۆمانسی و شەیدا بە جوانیی سروشت، شیعری بۆ ئەویندارەکەی نانوسیووە، بەڵکە بەهێزی ئەو خۆشەویستییە نووسیوێتی، کە هەڵقوڵاوی شادەمارو ناخی شاعیر بووە، بۆیە دەرئەنجامی ئەم باسە دەتوانرێت بەم سێ خاڵە بخرێتە ڕوو:

1- خۆشەویستی لای (هەردی) بۆ هەمیشە بووەو هەرگیز دەستەواژەکانی لە ئاکامی هەست بەخۆکەمی و ململانێی نێوان (ئیگۆو ئیدو بەرزە من) ەوە بەرهەم نەهاتووە. ئەگەر شیعر وەك چەمکە گشتییەکەی دەریاردەیەکی نەستی بێت، ئەوا مەدلولاتەکانی واتای خۆشەویستی جگەلە پڕۆسەیەکی عەقڵی چیدی نەبووە.

2- بردنەوەو سەرکەوتن یا دۆڕاندن، پێوەرێك نییە چەمکی خۆشەویستیی پێ لە قاڵب بدرێت، بەڵکە خۆشەویستی بەشێکە لە بوونی مرۆڤ و بەردەوام لە ڕۆحی ئەویندارا ئامادەیی هەیە.

3- بێ مانایی و ڕەشبینی لە ژیاندا دەرئەنجامی سەرنەکەوتنی پڕۆسەی خۆشەویستی نییە، بەڵکە ئاکامی تێگەیشتنە لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکان و کاریگەریی ئەو تێزە فەلسەفییانەی دەربارەی چییەتیی مرۆڤ و جیهان خوێندوێتییەوە، واتە جیهانبینی شاعیرە بەرامبەر بە بوون و هەبوون.

**سەرچاوەکان:**

**کتێب: کوردی..**

1- ئەریك فرۆم، مرۆڤ لە نێوان ڕواڵەتو جەوهەردا ، و/ سابیر بەکر بۆکانی- چاپی یەکەم ، سلێمانی 2004.

2- ئەحمەد سالار ، ڕێبازە سەرەکییەکانی ئەدەبو هونەر، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد 1988.

3- تێری ئیگلۆتۆن، شیکردنەوەی دەروونی لە رەخنەی ئەدەبیدا، و/ سەلاح حەسەن پاڵەوان، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم ، سلێمانی 2004.

4- چارلز برێسلێر، رەخنەی ئەدەبیو قوتابخانەکانی، و/ عەبدولخالق یەعقوبی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2002.

5- ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپخانەی وەزارەتا پەروەردیٚ- هەولێر 2004.

6- سیگمۆند فرۆید، لێکدانەوەی خەونەکان، و/ ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2003.

7- عەتا قەرەداخی، گەڕان بەدوای ناسنامەدا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی 2000.

8- قاسم حسێن سالح، مرۆڤ لە روانگەی فرۆیدەوە، و/ عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2002.

9- کارل گۆستاڤ یۆنگ، مرۆڤو هێماکانی، و/ ئاوات ئەحمەد، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2005.

10- کاکەی فەلاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، چاپی یەکەم، 1979.

11- کۆمەڵێك نووسەر، خەیاڵو رۆح، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی 2004.

12- نووری جەعفەر، خۆشەویستی لە نێوان دڵو دەماغدا، و/صابر بکر مصطفى، چاپی یەکەم، سلێمانی 1998.

**کتێب: عەرەبی..**

13- ثائر حسن جاسم، البحث النفسی فی ابداع الشعر، دار شؤون الثقافیة العامة.

14- ضان بیلمان نویل، التحلیل النفسی ولادب، حسن المودن، مطبع الاهرام بکورنیش النیل.

**گۆڤار..**

15- بوون ،"مێژوو گۆڕانی دووانە لێکدژەکان"، بەکر عەلی،1994،لا 44.

16- رامان،"چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد هەردی "، سەباح رەنجدەر،لا 25، ژ. (86- 87)، هەولێر، ئابی 2004.

17- رامان، پێوەندی رەخنەی دەروونی بە دەقو داهێنانی ئەدەبی، د. عادل گەرمیانی، لا 15، ژ. 97 هەولێر حوزەیرانی 2005.